# چیرۆکی نەعلەکەی ئەبو تەحسین لە نۆی نیساندا

## دوای ئەوەی ئامادە نەبوو، بە سەدو پەنجا هەزار دۆلار بیفرۆشێت، ئاواتی ئەوەیە کە لە مۆزەخانەی هەڵەبجەی شەهید هەڵبگیرێت.



پێنج ساڵ لەمەوبەر، ڕێک لە نۆی نیساندا، دیرۆکێک لە مێژووی ئێراقدا تۆمار کرا. دیکتاتۆرێک کۆتایی پێهات، کە لە پێشبینی کەس دا نەبوو، بەو شێوەیە مەرگی ببینرێت.

لەو ڕۆژەدا کە خەڵکێکی زۆر دوور لە ئینتمای نیشتمانی، کەوتبووە گیانی سامانی وڵات و بەتاڵانبردنی، پیاوێکیمان بینی کە چۆن جەرگسوتاوانە، کۆڵی دڵی خۆی، بە نەعلەکەی بۆ سەر وێنەی سەدام، دەڕشت.

ئەو پیاوە، کە قەت پێشبینی نەدەکرد، ببێتە کاراکتەرێکی بەهێزی سیناریۆی ڕزگارکردنی عێراق، ئێستا دوور لەچاوی کامێرا و میدیاکان، ژیانی سادەی خۆی بەسەر دەبات.

ماڵپەڕی ئیلاف، بەبۆنەی پێنج ساڵ تێپەڕ بوون، بەسەر ئەو نمایشە، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەبو تەحسین ئەنجامداوە و **ڕاوێژ** بەپێویستی زانی بۆ خوێنەرانی بیکاتە کوردی و بڵاوی بکاتەوە.